**وەزارەتی داد**

## بەیانی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠١٦

بە پێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی نۆیەم بڕگەی دووەم ژمارە( ٧٣٦ لە ٢٠١٦/٥/٢٣) لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە :-

- پچڕاندنی ئیش و کارەکانی فەرمانگەی دادنوسی ( سید صادق ، شارەزوور ، پێنجوین ) لە پارێزگای هەڵەبجە و خستنە سەر فەرمانگەی دادنووسی یەکەمی سلێمانی لە پاریزگای سلێمانی
- وەپچڕاندی بەڕێوەبەرایەتی جێ بە جێکردنی ( سید صادق ، شارەزوور ، پێنجوین ) لە پارێزگای هەلەبجە و خستنە سەر بەڕێوەبەرایەتی جێ بەجێ کردنی سلێمانی لە پارێزگای سلێمانی .

## بەیانی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٦

ئاماژە بەنوسراوی بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد ژمارە (١١٥٥/٥ لە ٢٠١٦/٨/٣) وە پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە بەپێی ماددەی نۆیەم بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە ١٣ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیاماندا بەکردنەوەی :-

١- بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەریر لە شارۆچکەی هەریر.

٢- بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی سەرسەنگ لە شارۆچکەی سەرسەنگ.

٣- بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی بەردەرەش لە قەزای بەردەرەش .

**سنان چلبی**
**وەزیری داد**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندا بە :-

## بەیانی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠١٦

- کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی زیتونە ) لە بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٥/٢٣.

## بەیانی ژمارە (٢٠)ی ساڵی ٢٠١٦

- کردنەوەی (سەنتەری چارەسەری نەخۆشیەکانی رۆماتیزم بە دەرمانی بایۆلۆجی) لەم شوێنانەی خوارەوە:-

١- نەخۆشخانەی رزگاری لە ب.گ.ت.هەولێر.

٢- نەخۆشخانەی گشتی هەناوی شەهید د. هێمن لە ب.گ.ت. سلێمانی .

٣- سەنتەری نەخۆشیەکانی رۆماتیزم و چارەسەری سروشتی لە ب.گ.ت. دهۆك.

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-**

**بەیانی ژمارە ( ٢٢ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **گۆڕینی ناوی( بنکەی تەندروستی جەژنیکانی ئەفەندی ) بۆ ( بنکەی تەندروستی کارێزە ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**بەیانی ژمارە ( ٢٣ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( نۆرینگەی گەڕۆکی خێرخوازی پزیشکی )ی تایبەت لە شاری هەولێر بە مەرجێك پابەندبن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**بەیانی ژمارە ( ٢٤ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( سەنتەری پزیشکی خێرخوازی )ی تایبەت لە شاری هەولێر بە مەرجێك پابەندبن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥**

**بەیانی ژمارە ( ٢٥ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **گۆڕینی ( مەڵبەندی تەندروستی ڕاوێژکاری شەهید ئازادی مامە عەلە ) بۆ ( سەنتەری فریاکەوتنی شەهید ئازادی مامە عەلە ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥**

**بەیانی ژمارە ( ٢٦ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( مەڵبەندی تەندروستی شەهید جەماڵە ڕەش ) وە گۆڕینی (بنکەی تەندروستی جەماڵە ڕەش) بۆ ( بنکەی تەندروستی شەهید عوسمان فەرەج مارف ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**بەیانی ژمارە ( ٢٧ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **گۆڕینی ناوی( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجەی شەهید ) بۆ ( بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەڵەبجە).**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ( ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-**

**بەیانی ژمارە ( ٢٨ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( بەشی گورچیلەی دەستکرد ) لە نەخۆشخانەی ئاشتی گشتی / سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**بەیانی ژمارە ( ٢٩ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( سەنتەری دەلال )ی تایبەت بۆ نەشتەرگەری ڕۆژانە و منداڵ بوون لە شاری دهۆك بە مەرجێك و پابەندبن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**بەیانی ژمارە ( ٣٠ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( هۆبەی RCU) لە نەخوشخانەی ئاشتی گشتی / سۆران سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**بەیانی ژمارە ( ٣١ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( ئەم بنکە تەندروستیانەی خوارەوە ) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی دهۆك**

**بنکەی تەندروستی کەمپی ١- چەم مشکو لە قەزای زاخۆ ٢- مامليان لە قەزای ئاکرێ ٣ - داوودیە لە قەزای ئامێدی ٤- روانگە لە قەزای سێمێل ٥-شاریا لە قەزای سێمێل ٦- کەبەرتو(١) لە قەزای سێمێل ٧- کەبەرتو(٢) لە قەزای سێمێل**

- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/١٥.**

**بەیانی ژمارە ( ٣٢ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **گۆڕینی ناوی( نەخۆشخانەی گشتی دەربەندیخان) بۆ ناوی (نەخۆشخانەی گشتی شەهید تۆفیق ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٦/٢٩.**

**د. ڕێکەوت حمە رشید**
**وەزیری تەندروستی**